

# ئەو پیاوەی بە ماچێک داگیر دەکات

**لازۆ**

**ئێوارەیەک دێت**
**ئەو دێت،**
**پانتۆڵێکی ڕەش**
**قاپوتێکی ڕەش**
**کراسێکی ڕەش و**
**دوو چاوی ڕەش،**

**لە دوورەوە خەمبار دیارە**
**لە دوورەوە تەڕایی چاوی بریسکەی دێ،**
**سەرو قژی شێواوە و**
**وەک سەرخۆشێک هەنگاو دەنێ.**

**بەر لەیەکەمین ماچ، یەکەمین باوەش و یەکەمین دەستگرتن،**
**لەبەردەمما لەسەر ئەژنۆ دادەنیشێ،**
**دەڵێ خانمەکە من پرسیارم هەیە،**
**تۆ شوو بە من دەکەیت یان بە شیعر؟**
**شوو بە من دەکەیت یان بە باران؟**
**شوو بە من دەکەیت یان بە تریفە؟**

**ئەو هەر د ە د و ێ ێ ێ ێ ێ**

ئێوارەیەک ئەو لەگەڵ بارینی یەکەمین بەفر،
لەگەڵ هەڵکردنی یەکەمین توڕەبوون و
داکردنی یەکەمین بێهیوابووندا دێت.

دەڵی خانمەکە:
تەڕایی لێوتم پێ بفرۆشە
ڕووناکی ناو چاوانتم بدەرێ،
تاڵێ لە برژانگتم بۆ بکە موفەڕک،

ئێوارەیەک ئەو دێت و خەنجەرەکانی دەردێنێ،
دێت و برینەکانیم نیشان دەدات،
سنگی پڕە لە توڕە بوون و جگەرەکەی بەدان دەگرێ،
عەینەکەکەی تەڕ تەڕ بووە و گریانی لێ دەتکێ،

ئەبێژێ ژنە شاعیرەکە:
تەنها یەک شەوم بدەرێ،
تەنها یەک ڕووتبوونەوەتم نیشاندە،
ستیانە ڕەنگ ئەرخەوانییەکەتم بکە دیاری،

دەڵێ کچێ:
ماچەکانت تامی هەرمێ دەدەن،
پێکەنینەکانت دەمرفێنن،
گریانیشت لەولاوە بوەستێ.

پانتۆڵێکی ڕەش
قاپوتێکی ڕەش
کراسێکی ڕەش و
دوو چاوی سوور
دوور دەکەونەوە،
کاڵ دەبنەوە و لە هەڵمی بارانەکەدا وون دەبن،

**شەوێک دێت**
**ئەو دێت،**
**بزەیەک لەسەر لێوێتی**
**گریانێک لە گەروویدایە،**

**چوون هەناسەیەکی هێمن،**
**خۆی دەکات بە ژوورەکەمدا و**
**کەنتۆرەکەم دەکاتەوە،**
**لەبەر خۆیەوە دەبۆڵێنێ و دەڵێ:**
**بە شوێن ئەرخەوانیترین ستیانی دنیادا وێڵم،**
**ئاخر،**
**دەستەکانمی بۆ هەڵگرتووم،**
**ماچەکانمی لێ شاردوومەوە،**

**منیش بێدەنگ**
**بلوسەکەم دادەکەنم،**
**دەیکێشم بە دەمووچاویدا و دەڵێم:**
**لێرەدایە عاشقترین پیاو،**
**بزەیەک دەیگرێ و دەڵێ:**
**خۆم زانیم،**
**خۆم زانیم لێت شاردوومەوە،**
**بێنە کچێ بماندەوە،**
**دەستەکانم بدەوە،**
**گازەکانم بدەوە،**
**یەکەمین، دووەمین و دواهەمین تەڕبوونم بدەوە،**

**دیسان بێدەنگ،**
**دەڕژێمە سەر جێگاکەم و**
**بەدەنگی کچێک**
**بارگاوی بە تەنیایی ،**
**دەڵێم:**
**وەرە،**

**خۆت وەرە،**
**هەموویان بەرەوە،**
**هەموویانم لێ سەنەرەوە،**
**هەموویانم لێ داگیرکە و مەمدەرەوە،**

**ئەو هەر د ە د و ێ ێ ێ ێ**

2005-11-28